خاوەن ئیمتیاز: سامان گەرمیانی
سەرنووسەر: سامان کەریم
جێگری سەرنووسەر: فاتیح سەلام
بەڕێوەبەری نووسین: نیشتمان بێنەوا

ساڵی چوارەم ژمارە (١٣٢)

دووشەممە

٢٩-٦-٢٠٠٩ز بەرامبەر ٨-٤- ٢٧٠٩ ک

دوو ڕۆژنامەیە لە ڕۆژنامەیەکدا | ٢٥٠ دینارە

# زەنگ

www.zengkurd.net

یەکەمین هەفتەنامەی ئازادە لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی گەرمیاندا

هەفتەنامەیەکی گشتیی ئازادە لە گەرمیان دەردەچێت

نامەیەکی کراوە بۆ
عیماد ئەحمەد
٢......



"ئەو نیعمەتەی
لە هەولێرە دەبێ
بگاتە گەرمیان"
٤......

## دکتۆر نوری تاڵەبانی:

# بڕگەیەکی دەستورەکە مەترسییە بۆ سەر چارەنووسی کوردستان

**زەنگ-تایبەت:**
**دکتۆر نوری تاڵەبانی دەڵێت:"بڕگەی دوەمی ماددەی دوەمی دەستورەکەی هەرێم دەبێتە هۆی کێشە دروستکردنی فشاری سیاسی بۆ سەر دەسەڵاتی کوردی و مەترسییە لەسەر ئاییندەی چارەنووسی کوردستان".**

ئەو ئەندامەی پەرلەمانی کوردستان کە هەتا ساڵی پار ئەندامی لیژنەی دەستوری پەرلەمانی کوردستان بوە، رایدەگەیەنێت کە ڕازی نەبوونی ئەو بە دەستور و دەنگ لەسەر نەدانی ئەگەڕێتەوە بۆ تەموزی ساڵی ٢٠٠٨ و لەو ڕووەشەوە ئەڵێت:"وەک یاساناسێک کە ماوەی ٥٠ ساڵ خەریکی کاری توناناسازیم لەو ڕۆژەدا دەستم لە لیژنەی دەستوری کێشایەوە، چونکە هەستم کرد سەرۆکی ئەو لیژنەیە (د.فرسەت) دەیەوێ ڕا و بۆچوونی خۆی بسەپێنێ بەسەر لیژنەکەدا".

دکتۆر نوری تاڵەبانی ئاماژە بەوە دەکات کە دوای ئەوەی ئەوان ڕەشنوسەکەیان تەواو کردوە و ئەرکی وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە کەوتوەتە سەر ئەم، بەڵام دەڵێت:"هەفتەیەک پێشتر لەکاتی پشووی هاوینی پەرلەماندا لە ٢٠ی ئابی ٢٠٠٦ و بەئامادەنەبوونی سێ یەکی ئەندامانی لیژنەکە دەستکارییەکی بنەڕەتی لە پرۆژەکەدا کراوە".

دکتۆر نوری تاڵەبانی ئاماژە بە بڕگەی دوەمی ماددەی دەستورەکە دەکات کە هەڕەشەیە بۆ سەر چارەنووسی کورد و کوردستان و لەو ڕووەشەوە دەڵێت:"لەو بڕگەیەدا چارەنووسی سنوری سیاسی هەرێم بەستراوەتەوە ماددەی ١٤٠ی دەستوری عێراقییەوە، لەکاتێکدا ئەو ماددەیە تا ئێستا کەس نازانێت کەی و چۆن جێبەجێدەکرێت، بۆیە ئەو بڕگەیەی دەستوری هەرێم دەبێتە هۆی کێشە و گرفت بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناوچە کێشە لەسەرانە".

## لە کەمتر لە شەش مانگدا (٥٠) خێزان لە کفری کۆچیان کردوە

**زەنگ-کفری**
**لە سەرەتای ئەمساڵەوە زیاد لە ٥٠ ماڵ لە شاری کفری بەرەو ناوچەکانی تری هەرێم و دەرەوەی هەرێم کۆچیان کردوە و تا دێت ئەو ڕێژەیەش لە هەڵکشاندایە.**

بە پێی ئامارێکی قائیمقامێتی قەزای کفری لە سەرەتای ساڵی نوێوە (٣٣) ماڵ بەرەو ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم کۆچیان کردووە، (١٩) ماڵیش گەڕاونەتەوە بۆ ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی (زەنگ) ژمارەکە زۆر لەوە زیاترە کە لە قائیمقامێتی شاردا تۆمار کراون، ئەو ڕێژەیە کە دراوەتە (زەنگ) لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٩ ەوە تاکو ١٤-٦ ئەمساڵە.. زۆربەی ئەو کەسانەی کە کفری بەجێدەهێڵن لە توێژی مامۆستان.

سەبارەت بە هۆکاری کۆچکردن سەرحەد محەمەد مامۆستای کۆمەڵناسی وتی:"ئەو ناوچانەی ڕێگای بازرگانیان کەم دەبێتەوە یاخود نامێنێت، یان کۆمەڵێ کەس حەزێکی ڕۆشنبیری هەیە حەز بەوە ئەکات گۆڕانکاری بکات، یان بەدوای ژیانێکی باشتردا دەگەڕێت".

**ژمارەی داهاتوو ڕاپۆرتێک بڵاودەکرێتەوە**

## لە گەرمیان، چەقەڵ جوتیارانی هەراسان کردوە

**زەنگ- کفری-دیار**
**لە سنوری ئاواییەکانی قەزای کفری چەقەڵ زەرەر و زیان دەگەیەنێت بە بەرهەمە کشتوکاڵیەکان و ڕێژەیەکی زۆری چەقەڵ لەسنورەکە زیادی کردووە.**

جوتیارێک لەنزیک ئاوایی گۆبان عارەبی سەر بە کفری وتی:"زۆربەی جوتیاران کە لەسنوری ئاواییەکەی ئێمەن خەریکی کشتوکاڵکردنن بەتایبەتی شووتی و کاڵەک و تەماتە و..هتد، ماوەیەکی زۆرە چەقەڵ بە شەوان دێتە ناو زۆربەی ئەرزە کشتوکاڵیەکان و بەرهەمی جوتیاران تێکدەدات دواتر ئەو بەرهەمە لە جێگای خۆی وشک دەبێتەوە گەورە نابێت".

ئەو جوتیارە ئاماژەی بۆ ئەوەکرد لەماوەی ئەم چەند شەوەی ڕابردوودا چەقەڵ هاتبووە ناو بەرهەمی کاڵەکەکانم و زۆربەی تێکدابوو خواردبووی لێی، ئەو کاڵەکانە لەپێگەیشتن بوو کە بهێنرێتە بازارەوە. وتیشی:"ئێستا ڕێژەیەکی زۆر چەقەڵ لە سنورەکەدایە، دەبێت شەوانە جوتیاران چاودێری بکەن یاخود دەبێت کارێک بکەن جوتیاران کە چەقەڵەکان بترسێت و نەیەتە سنورەکە تا بەرهەمە کشتوکاڵیەکان تێک نەدات".

هەژار غزی ساڵار بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کفری وتی:"تا ئێستا شتی وا بۆ ئێمە باس نەکراوە ئەگەر چەقەڵ هەبێتیش لەسنورەکە ئێمە بە هیچ شێوەیەک ناتوانین لەناویان ببەین چونکە پەیوەندی بەئێمەوە نیە".

بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کفری ئاماژەی بۆ ئەوەکرد چەقەڵ تەنها زەرەر بە کاڵەکو شووتی دەگەیەنێت ودەبێتە هۆی ئەوەی ئەو بەرهەمە بەکەڵک نەمێنێت ئەگینا زەرەری بۆ بەرهەمەکانی تر نیە.

پڕوپاگەندە

-بە هەست و بیروباوەڕی نوێوە، داهێنان و خزمەتگوزاری نوێمان هێناوە

-لیستی پێشکەوتن، دەنگ و سەدای ڕاستەقینەی خەمخۆرانی کوردستانە

دکتۆر هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد




بۆ ئاوەدانی و گۆڕان و خزمەت

